# پەیڕەوی ناوخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ کۆنفرانسی یەکەمی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

1- پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ کۆنفرانسی یەکەمی ڕێکخستنەکانی دەرەوە ی حیزب( واتە هەردوو پرۆسەی کاندید بوون‌و دەنگدان ) لە ڕۆژی 5-11-2005 ەوە دەست پێدەکات‌و لەماوەی یەك مانگدا، واتە 5-12-2005 تەواو دەبێت.

2- ژمارەی گشتی نوێنەرانی ڕێکخستنەکان بۆ کۆنفرانسبریتیە لە 70 نوێنەر. بەم جۆرەش دابەش دەبن:

| | | |
|---|---|---|
| ڕێکخراوی ئوستراليا | 4 نوێنەر | |
| ڕێکخراوی بەریتانیا | 15 نوێنەر | |
| +++++ | ئەڵمانیا | 4 نوێنەر |
| +++++ | تورکیا | 1 نوێنەر |
| +++++ | کەنەدا | 9 نوێنەر |
| +++++ | دا نمارك | 2 نوێنەر |
| +++++ | سوید | 9 نوێنەر |
| +++++ | فنلندا | 8 نوێنەر |
| +++++ | نەرویج | 9 نوێنەر |
| +++++ | سویسرا | 5 نوێنەر |
| +++++ | هۆڵەندا | 3 نوێنەر |
| +++++ | ئیتاڵیا | 1 نوێنەر |

3- دەنگدان بە شێوەی نهێنی‌و ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدرێ. ئەو کەسەی خۆی کاندید دەکات مافی ئەوەی هەیە لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا خۆی کاندید بکات، بەڵام تەنها لە سنوری بازنەی ڕێکخستنەکەی خۆیدا مافی دەنگدانی دەبێت.

4- دەنگ هێنان لە هەڵبژاردن‌و لەهەموو بازنەکانی هەڵبژاردندا بەشێوەی‌نیسبی‌یە. واتە ئەو ئەندامانەی کە زۆبەی دەنگەکان بەدەست دێنن دەبنە نوێنەر.

5- ژمارەی نوێنەران لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا بەپێی ژمارەی ئەندامانی ئەو بازنەیە( و بە پێی بایەخ‌و حەساسیەتی ئەو بازنەیە ) دەبێت.

6- ئەو ئەندامانەی کە تا مانگی ئۆکتۆبەری 2005 ئابوونەیان نەداوە بۆیان نیە خۆیان کاندید بکەن.ئەوانەشی کە ماوەی 6 مانگە ئابوونەیان نەداوەو قەرزارن، بۆیان نییە دەنگ بدەن، مەگەر ئەوەی کە لەگەل بەرپرسی مالی وڵاتەکانی خۆیان دەربارەی چۆنیەتی دانەوەی قەرزەکەیان ڕێك بکەون.

7- ئەو ئەندامانەی دەیانەوێ خۆیان کاندید بکەن، پێویستە کە بەنامەی ڕەسمی‌و نوسراو داوا لە بەرپرسی کۆمیتەکانی وولاتەکەیان بکەن.

8- له هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا هەر ئەندامێك بۆی هەیە کە دەنگ بەو ژمارەیە ( یان کەمتر لەو ژمارەیە )بدات کە خۆیان کاندید کردوە. ئەو کەسانەی لەو ژمارە دیاریکراوەی کاندیدەکان زیاتر دەنگ بدەن، دەنگەکانیان دەفەوتێ. پێویستە، لە کاتی هەڵاوێرد( افراز) کردنی دەنگەکاندا بەر لە هەر شتێك سەرنجی ئەم مەسەلەیە بدرێ.

9- پێویستە فۆرمێکی تایبەتی بۆ هەڵبژاردنی محەلی دروست بکرێت کە لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنە محەلیەکانەوە ئامادە کرابێتو ئیمزا کرابێت. هەر دەنگدەرێك لە زەرفێکی تایبەتیو مۆرکراودا کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە، فۆرمی دەنگدانەکەی دەگێرێتەوە بۆ لیژنەکە.

10- هەڵاوێردکردنی دەنگەکان لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا بە سەرپەرشتی لیژنە فەرعیەکانو بە بەشداری دو ئەندامی ئەو بازنەیە دەبێت.

11- پرۆسەی هەڵبژاردن بە دو قۆناغ دەبێت:

ئەلف: لە 5-11-2005 بۆ 29-11-2005 ماوەی خۆ کاندید کردنە.

ب: لە 29-11-2005 وەبۆ 5-12-2005 ماوەی هەڵبژاردنە.

ئاکامی دەنگدانەکان دوای هەڵاوێردکردن( فرز)ی دەنگەکان، رۆژی10-12-2005 رادەگەیەنرێ.

تێبینی: ئەو کەسانەی دوای 20-10-2005 پەوەست بوون بە حیزبەوە، بۆیان نییە خۆیان کاندید بکەنو بەشداری دەنگدان بکەن.

12- هەمو فۆرمو بەڵگەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکانەوە لە ئەرشیفێکی تایبەتیدا لەلایەن لژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە هەڵدەگیرێن تا دوای تەواوبوونی کۆنفرانس.

13- ئەو گرێوگۆلانەی لە کاتی هەڵبژاردندا روودەدەن، لەلایەن کۆمیتە حیزبیەوە تاوتوێ دەکرێن. بڕیاری کۆتایی لەدەستی کۆمیتەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکاندا دەبێت.

14- ..............

**کۆمیتەی باڵای سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکان بۆ کۆنفرانسی یەکەمی رێکخستنەکانی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**کۆتایی ئۆکتۆبەری 2005**